# ئەندێشە کلاسیك و مۆدێرنەکان سەبارەت بە ئازادی

نووسەر: نۆربێرتۆ بۆبیۆ
و: لەفارسیەوە : عەتا جەمالی

لە رۆژگاری ئێستادا هەبوونی حکوومەتگەلی لەژێر ناوی "لیبراڵ-دیموکرات" یان "دیموکرات-لیبراڵ"، نیشاندەری پێکبەستەیی دوولایەنەی لیبراڵیزم و دیموکراسییە.
بەڵام لەراستیدا پەیوەندیی نێوان ئەو دوانە زۆر ئاڵۆزە و بە هیچ شێوەیەك پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای پێکبەستە بوون یان چوونیەك بوون نییە. "لیبراڵیزم" لە باوترینماناکەیدا دەلالەت دەکاتە سەر چەشنێکی تایبەتیی دەوڵەت کە لەوێدا دەسەڵات و کارکردی دەوڵەت سنووردارە. بەم شێوەیە دەتوانرێت دەوڵەتی لیبراڵ لە دەوڵەتی رەها و هەروەها ئەوشتەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت دەوڵەتی کۆمەڵایەتی، جیابکرێتەوە. "دیموکراسی" ش لە باوترین ماناکەیدا دەلالەت دەکاتە سەر یەکێك لە شێوازە رەخساوەکانی حکومەت کەلەوێدا دەسەڵات نەك لە دەستی یەك یان چەندکەسدا بەڵکوو بۆ هەموانە، یان بەوتەیەکی گونجاوتر، لەدەست زۆرینەدایە. بەم شێوەیە دەتوانرێت دیموکراسیش لە حکومەتە سەرەڕۆکان وەك حکومەتی یەك کەس یان ئۆلگیارشی جیابکرێتەوە. مەرج نیە هەموو دەوڵەتێکی لیبراڵ دیموکراتیك بێت. لەراستیدا، هەندێ نموونەی مێژوویی لە دەوڵەتە لیبراڵەکان هەبوون کە بەشداریی خەڵك لەواندا زۆرکەمڕەنگ بووە و تەنیا لەقۆرخی چینە دەوڵەمەندەکاندا بووە. هەر حکومەتێکی دیموکراتیکیش مەرج نیە لیبراڵ بێت. لەراستیدا ئەوەیکە دەوڵەتی کلاسیکی لیبرالی، ئێستا خۆی گیرۆدەی قەیرانێك دەبینێت، بەرئەنجامی گشتگیر بوونی زێدەتر لە جارانی پرۆسەی

بەدیموکراتیکبوونە کە بەدوای پەرەسەندنی بەرەبەرەی مافی دەنگدان هەتا رادەی بەگشتی بوونی ئەو پرۆسەیە بەدیهاتووە .

بێنژامین کۆنستانت* ( ١٨٣٠- ١٧٦٧) لە وتارە بەناوبانگەکەی خۆیدا لە ئاکادیمیای پاشایەتیی پاریس لە ساڵی ١٨١٨ بەبەراوردکردنی ئەندێشە مۆدێرن و کۆنەکان سەبارەت بە ئازادی، لیبرالیزمی لەبەرانبەر دیموکراسیدا دانا و بەوردی لەسەر جیاوازی نێوان ئەم دوانە دوا.

وتەکانی کۆنستان ستارتێك بۆ ڤەکۆڵین لە پێشینەی پەیوەندییە تێکتەنراو و ورووژێنەرەکانی نێوان دوو خواستی بنچینەیی دەخاتە بەر دەستمان، دوو خواستێك کە بواری سەرهەڵدانی دەوڵەتە هاوچەرخەکانیان لە گەشەسەندووترین وڵاتەکاندا (لەلایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە) رەخساندووە: سنووردارکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی دەسەڵات. کونستانت دەڵێ:

*لە دنیای کەونارادا، خەڵك خوازیاری دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان گشت شارۆمەندەکاندا بوون. بەلای ئەوانەوە مانای ئازادی ئەوە بوو. لە دنیای مۆدێرندا خەڵك خوازیاری ئاسایش بۆ پاراستنی دارابیە تایبەتیەکانیان و ئازادی بە گەرەنتییەك بۆ پاراستنی داراییگەلی بەرهەمی دامودەزگاکانی خۆیان دەزانن.*[1]

کۆنستان وەك لیبراڵێکی تەواو عەیار لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەو دوو خواستە لەگەڵ یەکتری ناگونجێن. بەگومانی ئەو بەشداری کردنی راستەوخۆ لە بڕیارە بەکۆمەڵەکاندا سەرەنجام تاك رادەکشێت بەلای پەیڕەوی کردن لە ئۆتۆریتەی کۆمەڵ و لە درێژەدا تاك ئازادیی تاکیی خۆی دەدۆڕێنێت، لە حاڵێکدا ئازادیی تاکی هەمان ئەو شتەیە کە شارۆمەندی ئەمڕۆیی لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی دەخوازێت. لەم رووەوە کۆنستان دەگاتە ئەو ئەنجامەی:

---

* bengamin constant: نووسەری ئەدەبی و سیاسەتوانی فەڕەنسی(وەرگێڕی فارسی)

[1] constant. Dela liberte desanciens compare a celle des modernes (١٨١٨), in coilection complete des ouvrages Bechet libraire, paris(١٨٢٠), voi. ٤,part٧,p.٢٥٣.

*ئەمڕۆ ئیتر ناتوانرێت سوودێك لە مانای پێشووی  ئازادی، واتە بەشداریی بەردەوام و چالاكانە لە دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی وەربگیرێت. بەپێچەوانە، لەلای من ئازادی بەو مانایەیە كە هەر كەسێك لە ئاسوودەییدا سوود لە سەربەستیی تاكی خۆی وەربگرێت.*[٢]

كۆنستان باسی پێشینان دەكات، بەڵام رووی وتەكانی لە كەسایەتییەكی تری سەردەمی خۆی واتە ژان ژاك رۆسۆیە*. رۆسۆ بە سوود وەرگرتنێكی فراوان لە نووسراوەكانی بیرمەندە كلاسیكەكان، كۆمارە ئارمانییەكەی خۆی لە پەیمانی كۆمەڵایەتیدا گەڵاڵە كردبوو. بەڕای رۆسۆ، دەسەڵاتی حاكم كە لەسەر بنەمای پەیمانێكی ئازادانە و هەمەلایەنە دێتە سەركار، بەدوورە لە هەموو هەڵەیەك و *"پێویست ناكات بەڵێن بە پێرەوەكانی خۆی بدات، چونكە ئەستەمە جەستەی مرۆڤێك بیەوێ خەسار بە ئەندامەكانی خۆی بگەیەنێت."*[٣] لە راستیدا دەبێ ئەوە قەبووڵ بكرێت كە رۆسۆهیچكات لە باسەكەی خۆیدا بەو رادەیە لەمەڕ ئیرادەی گشتی** قووڵ نەبۆوە كە زەرورەتی سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی رەتبكاتەوە و ئەوەیكە رۆسۆ بە باوكی "دیموكراسیی تۆتالیتێر "

ناودێردەكەن یەكێكە لە تێگەیشتنە چەواشە باوەكانە سەبارەت بەو. رۆسۆ لەو باوەڕەدا بوو كە پەیمانی كۆمەڵایەتی دەسەڵاتێكی رەها دەبەخشێتە حكوومەت، بەڵام هاوكات پێداگری لەسەر ئەم خاڵە دەكات كە "حكوومەتیش نابێ ئەو سنوورانەی كە بۆ كۆمەڵگا سوودمەندنین بەسەر ئەندامەكانیدا بسەپێنێت."[٤] سەرەڕای ئەوانە، بە پێچەوانەی ئامۆژەكانی تیۆریی مافی سروشتی كە هەوێنی بنەمای تیۆری دەوڵەتی لیبرالیشە، گومانی تێدا نییە كە ئەم هێڵ و سنوورانە بەر لە بەدیهاتنی دەوڵەت دیاری ناكرێن. رۆسۆ لەسەر ئەو رایە بوو كە *"هەر تاكێك بە قەبووڵكردنی پەیمانی كۆمەڵایەتی تەنیا ئەو بەشە لە دەسەڵاتەكەی خۆی.... دیسپێرێتە حكوومەت ...كە كۆمەڵگا, كۆنترۆڵ كردنیانی بەگرینگ دەزانێت"*. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەو دەگاتە ئەو ئەنجامە كە: *"هەروەها دەبێ*

---

* jean – Jacques rousseau: فیلسووفی سەردەمی رۆشنگەری و لایەنگری دیموكراسیی رادیكاڵ (وەرگێڕی فارسی)
** General will
[٢] Ibid.
[٣] .j.Rousseau, The socal contast and Discourses, vol.١,p.٧, trans.and introd.G.D.H.cole,London ١٩٧٣,p.١٧٦.
[٤] Ibid.,p.١٨٦.

ئەوە قەبووڵ کەین کە تاکە سەرچاوەی بأیاردان سەبارەت بەوەی کۆمەڵگا کۆنترۆڵی چ شتێك بەگرنگی دەزانێت، حکوومەتە."[٥]

٥ Ibid